## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# گەڕانەوەم بۆ پەرلەمان

**(حەقایەتی تەخشان و پەخشانەکە و نامەکەم بۆ ITI)**

سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی، بە دڵێکی خۆش و پڕ هیواوە، رووم کردە پەرلەمان، دەتگووت شانم لەقورسایی بارێکی ناقۆڵا و گران سووک بووە، لەلایەن خوالێخۆشبوان(کاکە جوهەر نامق) و (کاکە فەرەنسۆ هەریری) پێشوازی گەرمم لێکرا و کرامەوە بە بڕیاردەری فراکسیۆنی زەرد و پاشان لە یەکەم کۆبوونەوەی فراکسیۆندا، کرامەوە بە سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان، کاک فەرەنسۆ زۆر نەدەهات، بۆ ئەوەی من سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکە بکەم.

لەیەکێ لەو کۆبوونەوانەدا پاش مشتومڕێکی چڕوپڕ سەبارەت بە باری حکومەت و فەرەخەرجی، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکیان دا بۆ ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر ئەو بابەتە و دەستنیشانی من و خوالێخۆشبوو(د. سەلاح حەفید) و (ئەیاد نامیق بەقاڵ)کراو دەستبەکار بووین و راپۆرتەکە ئامادەکراو ناردمانە دەستەی سەرۆکایەتی، پاش ئەوەی دیراسە کرابوو، بڕیاری رۆژی خستنەڕووی درا بە ئامادەبوونی (بەڕێز کاک کۆسرەت) و ئەندامانی حکومەتەکەیان، بەبێ ئەوەی هیچ کەس نە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان و نە لەسەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان نکۆڵییان لێی بێ.

لەوادەی دیاریکراودا، ئەو دوو برایە نەهاتنە سەر سەکۆی پەرلەمان، بەو بیانووەی دەنگ و خوێندنەوەی من لەبارترە، ئەوە بوو سەرکەوتمە سەر سەکۆ و دەستم بە خوێندنەوەی راپۆرتەکە کرد، هەتا ماوەیەك دەتگووت هۆڵەکە گیانلەبەری تیادا نییە، پاشان بووە واژە واژ و هەراو هوریا و دەنگە دەنگ، دەتگووت بەر مەیانەکەی دەمەو بانگی رەمەزانانە،(بەڕێز کاك کۆسرەت) دەستی بەرز کردەوە و وتی: ئەم قسانە چین و لە کوێندەرێوە هێنراون، داوای راگرتنی وتارەکەی کرد و سڕینەوەی تۆمارکراوەکەشی، پاش مقۆ مقۆ بە تێکڕای دەنگی ئەندامەکان راپۆرتەکە بەلاوە نرا و پاشان بڕیاری دانانی لیژنەی لێپرسینەوە بۆمن دانرا، ئەو دوو برادەرەی لەگەڵم ئەندامی لیژنەکە بوون، هەستان و خۆیان بێبەری کرد لەو راپۆرتە، ئەو دەمە هاتمە گۆ و وتم: دیارە ئەو دوو بەڕێزە ترساون، کەوای لێهات ئەوە بە تەنیا راپۆرتی منە و ئەوە رای منە، ئێستا هەست ئەکەم ئەندام پەرلەمانم و نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستانم، خۆ خوانەخواستە (کەعبەکە چ نابێ) ئەگەر وتبێتم:تەخشان و پەخشان بە پارەی ئەم گەلەوە کراوە، بەڵێ من نووسیومەو لە پەروەردگاریش بترازێ، هیچ کەسێك لەدایك نەبووە لێی بسڵەمێمەوە.

ئەوە بوو بە بڕیاری پەرلەمان لیژنەی لێپرسینەوە دانرا، بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو کاك نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا) بەوەی باش بوو تێکڕای



## ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

دەستنووسەکانم لە دۆسیەیەکدا پاراستبوو خستمە خزمەت (کاك نەژاد) کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو، ئەوە بوو پاش لێکۆڵینەوەیان بۆیان دەرکەوت، تەنانەت یەك حەرف دەستوخەتی من نییە و رەنگە تاك و تەرا وشە و رستەیەك، پاشان ئەو دوو برادەرەی لەگەڵما بوون وتبوویان ئەو بەخوێندنەوەکەی کارەکەی شێواندووە،بەهەر حاڵ بەرێز کاك (نەژاد) بانگی کردم و داوای لێبووردنی لێکردم کە هیچ گوناهێکی منی تیا نەبووە، ئیدی ئەو راپۆرتە بە راپۆرتی (تەخشان و پەخشان)ەکە ناسرابوو بوو، هەر پاش ئەو رووداوە بە یەك دوو مانگ هەموو جێگر وەزیرەکان بۆ کۆبوونەوە منیشیان بانگ کرد، گرفتێکیان سەبارەت بە مافێکی خۆیان هەبوو، کە لە وەزیرەکان بۆ ئەو مافە جیاکراونەتەوە، هەر هەموویان منیان راسپارد بچمە لای (کاك کۆسرەت)، منیش بەلامەوە نەگونجاو بوو وتم: نەك لەسەر ئەو قسانەی ناو راپۆرتەکە شتێکی لەدڵا بێ، بەڵام هەر جەختیان لێکردمەوە، ناچار قایل بووم و وادەی دیدارم لە سکرتێرەکەی وەرگرت و بە دوودڵییەوە سەردانم کرد.

بەڵام زۆر بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی منەوە بە روویەکی خۆش و هەواڵ پرسینێکی گەرمەوە پێشوازی لێکردم، منیش داواکاری هاوەڵە جێگرەکانم خستە خزمەتی، پێکەنی و وتی: مادام تۆ هاتووی ئەوە لەبەر دڵی تۆ رازیم و تەلەفۆنی بۆ بەرێز(خاتوو کافیە سلێمان) کرد کە بەرێزیان وەزیری شارەوانی بوو و رایسپارد بەرێزەوە ئەو کارە ئەنجام بدات و بە رێز و خۆشەویستییەوە بەرێی کردم، بەراستی پتر ئەو مەردەم ناسی و خۆشم ویست.

هەر لەو رۆژانەدا بوو کەوتمە سەر خولیای بەشداری شانۆی کوردستان لە پەیمانگای جیهانی (ITI)، ئەو مەڵبەندە رێکخراوێکی جیهانییە بۆ شانۆی گەلان، ئێمەش ئەو گەلەین کە ئەو گچکە مافەمان بەهۆی بوونمان لەناو قەفەسە رەزاگرانە تەنگەی داگیرکەران ناویان ناوە(عێراق) کە لەمێژووی کۆندا تەنیا ئەو دەشت و بیابانە کاکی بەکاکییە تەختەکە دەگرێتەوە کە لەدوا داوێنی (حەمرین)ەوە دەست پێدەکات، پاشان کە ئیسلام گەیشتە مەبەست لە(عێراق) (لەکوفە) وە بوو هەتا (بەسرە)، بەهەر حاڵ بیرم لەو بوون بە ئەندامییە کردبوویەوە، ئەو دەمە سەرۆکی مەڵبەندی (ITI) لە عێراق(هونەرمەند یوسف العانی) بوو، چەند جارێك لەو بارەیەوە لەگەڵی دوابووم، ئەو وەك مەزنە هونەرمەندێکی پێشکەوتووخواز، نەك هەر لاری لێنەبوو، بەڵکو پێشوازی لە بیرۆکەکە کرد و بەلایەوە رەوا بوو هەر بیداتە دەستمان.

ناچار نامەیەکم ئاراستەی مەڵبەندی جیهانی شانۆ لە (پاریس) کرد، ئەوکات(نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان) بووم و هاوکات (ئەندامی پەرلەمان)یش بووم، بۆ ئەو مەبەستە لەرووی یاساییەوە قسەم لەگەڵ برای بەرێزم (دادوەر عەبدولکەریم کاکە هەمەوەندی)کرد، وەك شارەزایەکی بەتوانای بواری یاسایی، کە بۆ ئەو کارە و کردنەوەی ئەو مەڵبەندە لەکوردستان، یاداشتێکم نووسی و بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی ناردمان، لەلایەکی دییەوە پشت ئەستوور بووم بە رای مەڵبەندەکە لەچەندین وڵاتی ئەورووپی کە پەیوەندی تایبەتیم لەگەڵیاندا هەبووە، نامەکە لەبەرواری (١٤-٢-٢٠٠٥) نێردرا.

**منیان راسپارد بچمە لای (کاك کۆسرەت)، منیش بەلامەوە نەگونجاو بوو وتم: نەک لەسەر ئەو قسانەی ناو راپۆرتەکە شتێکی لەدڵا بێ، بەڵام هەر جەختیان لێکردمەوە، ناچار قایل بووم و وادەی دیدارم لە سکرتێرەکەی وەرگرت و بە دوودڵییەوە سەردانم کرد. بەڵام زۆر بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی منەوە بە روویەکی خۆش و هەواڵ پرسینێکی گەرمەوە پێشوازی لێکردم**

# حەسەن شەریف: هونەرمەندە نەمرەکان گەنجینەیەکیان لە دوای خۆیان جێهێشتووە



پێشمەرگە و هونەرمەندە و لە سەرەتای ژیانی پێشمەرگایەتیشدا دەستی بە کاری هونەری کردووە، بۆیە هونەری شۆڕشگێڕی و خۆشەویستی وڵات لە گشت کارەکانی هونەرمەند حەسەن شەریف ڕەنگی داوەتەوە و بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

حەسەن شەریف پێیوایە مەرج نییە گۆرانی خەرجی و پارەیەکی زۆری تێدا سەرف بکرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هونەرمەندە نەمرەکان گەنجینەیەکیان لە دوای خۆیان جێهێشتووە،کارەکانیان تا ئێستا بووینەتە بناغەیەك بۆ هونەرمەندان کاری لەسەر دەکەن، چونکە کاری ڕەسەن بوون لە هەموو ڕوویەکەوە ئەگەر سەیریان بکەین دەبینین ئاواز و تێکست و دەنگی هونەرمەند هەموویان زۆر گونجاون بۆیە بەرهەمێکی ڕەسەنی زیندوویان پێشکەش بە ئێمە کردووە، لێرەدا ڕەسەنایەتی و ڕۆشنبیریی هونەرمەند دەردەکەوێت.

حەسەن شەریف دەربارەی میدیا دەڵێ: ئێستا بە سەدان ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردیمان هەیە، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار دەبینین کە یەك گۆتارمان نییە بەرامبەر بە دوژمنانمان، من هەمیشە وتوومە پێویستە گوتاری ئێمە کوردستانی بێت نەك گوتارێك کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکی تایبەت و بەرتەسکی حزبایەتی بکات، چونکە میللەتی گەیشتۆتە قۆناغێکی زۆر گەورە و پێشکەوتوو و ئامانج و بەرژەوەندی و چارەنووسیشمان یەکە و بەندە بە یەکگرتوو و تەبایی نێوان ڕیزەکانمان، پێویستە میدیا نەبێتە هۆی دڵخۆش کردنی دوژمنانمان بە ئێمە و هەندێك بۆشایی هەیە لە نێوانمان کە لە میدیاکان هەستی پێدەکرێت هیواداریـن نەهێڵرێت و پەیامەکەیان کوردستانی بێت.





## سکارلیت لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دۆست نییە

ئێستا سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی گشتی بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بەردەوام بوونی پەیوەندیی نێوان ئەستێرە هونەرییەکان و جەماوەرەکەیان و هەر لە ڕێگای ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەوە دوایین هەواڵ و چالاکی و بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراوە دەخەنە ڕوو و میدیاکانیش لەم ڕووە سوودیان لێ وەرگرتووە و بڵاویان کردۆتەوە.

سکارلێت جۆهانسۆن کە بەشێکی فیلمەکانی فانتازیا و زانستییە بە پێچەوانەی زۆربەی ئەستێرەکانی دیکە بەوە ناسراوە کە زۆر ڕقی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و حەز ناکات کاتی خۆی بەو شتانە بەسەر بەرێت تەنانەت لێیان دوور دەکەوێتەوە، سەبارەت بەم بابەتە سکارلێت دەڵێ: تەکنۆلۆژیا بە گشتی و لەوانەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ من نییە، بۆیە هیچ گرنگییەکیان پێنادەم، چونکە کاتی تەواوم نییە بۆ ئەم شتانە و بۆ من گرنگ نییە کە بەردەوام لە پەیوەندیدا بم یان خەڵك لە ژیانمدا بەشداری بکەن و ئاگاداری وردەکارییەکانی بن.

سکارلێت هەروەها دەڵێ: ڕەنگە بە هۆی جۆری فیلمەکانم ئەمە بەلای جەماوەرەوە تا ڕاددەیەك سەیر بێت، بەڵام من زۆر حەز لەوە ناکەم کاتی خۆم لەسەر ئەنتەرنێتەوە بەسەر بەرم، چونکە من هاوڕێ ڕاستەقینەکانم لە واقعدا دەبینم نەك لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە، چونکە جیاوازییەکی زۆریان هەیە.

# کارینا کاپور نهێنییەکی هاوسەرەکەی ئاشکرا دەکات

زۆر لە هونەرمەند و ناوداران دوای ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، ئینجا زۆر نهێنی یەکتریان بۆ ئاشکرا دەبێت کە پێشتر ئاگاداری نەبوون، یان گوێیان لێی نەبووە هەرچەندە لە چەندین کاری هاوبەشیشدا بەشدارییان کردبێت و کاتێکی زۆریشیان بە یەکەوە بەسەر بردبێت، بۆیە زۆریان تووشی شۆك دەبن.

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری pinkvilla ئەستێرەی ناسراوی بۆڵیۆد سەیف عەلیی تەمەن ٤٧ ساڵ یەکێکە لەوانەی زۆر تەمبەڵ و عاشقی نووستنە تەنانەت هەندێك جار بۆ ماوەی ١٢ کاتژمێری بێ پچڕان دەخەوێت، ئەمەش بووەتە مایەی بێزاریی خانمە ئەستێرەی بۆڵیۆد کارینا کاپور کە پێشتر ئاگاداری ئەم زانیارییە نەبووە دەربارەی هاوسەرەکەی. هەرچەندە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان کارینا و سەیف عەلی خان هەبوو، بەڵام نەیدەزانی کە بەو شێوەیە عاشقی نووستنە، چونکە بە خۆی هەمیشە چوست و چالاکە، ئەم وتانەی سەیف عەلی لە میانەی بەرنامەیەکی تایبەت هات کە تێیدا ئەستێرە ناسراوەکانی بۆڵیۆد داوەت دەکات و باس لە نهێنییە تایبەتییەکانی ژیانی خۆیان دەکەن، هەر لەو بەرنامەیەدا سەیف رایگەیاند کە لە ئێستادا سەرقاڵی ریکلامە بۆ فیلمە نوێیەکەی بەناوی (شیف) کە لە دەرهێنانی رەجا کریشنا مینۆنە و بەر لە هەفتەیەك لە هۆڵەکانی سینەمای هیندستان نمایش کرا.








# ڕەگەزی (هێڵ)






هەرچەندی هونەری شێوەکاری پەل بۆ ڕەگەزی جۆربەجۆر بهاوێت، هەردەم سێ ڕەگەز هەن کە بنەڕەتین. هیچ جۆرێك لە هونەری شێوەکاری نییە باز بە سەر هەر سێ ڕەگەزی (هێڵ، ڕەنگ، قەبارە)دا بدات. جا بۆیە بە ئامانجی پەی بردن بە کرۆکی هونەری دیدەیی ((بۆیەش بە جۆرەکانی هونەری شێوەکاری دەڵێین دیدەیی، چونکە بە چاو (دیدە) دەبیندرێن و چێژیان لێ وەردەگیرێت))، پێویستە بینەری شەیدای ئەم جۆرە هونەرە تا ڕادەیەك لە ڕازی ئەو سێ ڕەگەزەی هونەری شێوەکاری بگات. ئەم وتارە بۆ قسەکردن بە شێوەیەکی بەرایی لە بارەی هێڵەوە تەرخانە، کە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە سێکوچکە ڕەگەزی هونەری دیدەییدا.

هێڵ وەك چۆن لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی مرۆڤدا، هەروەها لە هەموو بوارێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا نەخشی کارا و کاریگەری هەیە، بە هەمان شێوە و چڕتر لە هونەری شێوەکاریدا ڕۆڵێکی کارا و کاریگەری هەیە، بە تایبەتی لە گەڵاڵە بوونی بەرهەمی شێوەکاری و بەرجەستە کردنی سیماکەیدا. ئێمە ناچینە سەر ڕۆڵی هێڵ لە ژیانی ئاسایی بەرەی مرۆڤایەتیدا، ئێرە بواری ئەوە نییە، تەنیا ئەوەندە دەڵێین هێڵ لە ڕووی زانستییەوە بریتییە لە کۆمەڵە خاڵێك، کە (زۆر و کەم بە پێی کورت و درێژیی هێڵ) بە دەم یەکەوە بە دوای یەکدا دێن. هێڵیش دوو جۆرە (ڕاست، چەماوە). شارستانیەتی ڕۆژهەڵات وابەستە بە هێڵی چەماوەیە، شارستانیەتی ڕۆژاواش وابەستە بە هێڵی ڕاستە. ئەم بابەتی هێڵی ڕاست و چەماوەیە لە وێنەی ئەلف و بێی (ئارامی و لاتینی) و لە هەموو کایەکی ژیان و بیر کردنەوەی گەل و نەتەوەکانی هەردوو لادا ڕەنگی داوەتەوە. زۆر دێژەی نادەمێ. ئامانجمە ڕۆشناییەك بخەمە سەر نەخشی کارای ئەم ڕەگەزە (هێڵ) لە گەڵاڵە بوون و خەملینی بەرهەمی دیدەییدا.

شاگردی هونەری شێوەکاری، چ لە دەزگایەکی ئەکادیمیدا بێت یان لە لای مامۆستایەکی دەرەوەی ئەم جۆرە دەزگایەدا، سەرەتا قەڵەم و کاغەزی پێ دەدرێت و پێی دەگوترێت: «نیگار بکێشە.» نیگاریش چۆن دەکێشێ و بە چی؟ وا باوە مامۆستا مۆدێل (کەسێکی





# لە شێوەکاریدا

ئا/ تاریق کارێزی

زیندوو) یان ماتریاڵ (شتی بێگیان)ی دەخاتە بەر دەم و پێی دەڵێ: بڕوانە، ئەوەی بە چاو دەیبینی، بە قەڵەم نەخش و وێنەکەی لە سەر کاغەز بکێشە. بەم پرۆسەیە دەگوترێت هێڵکاری (قەڵەمکێشی). لێرەدا هێڵ بە تەنیا دەبێتە رەگەزی نەخشاندنی وێنەی بابەت (بە مۆدێل و بێگیانەوە). لە هێڵکاریدا کە بەردی بناغەی هونەری شێوەکارییە، هێڵ تەنیا رەگەزی کارای نیگار کێشانە.
لە قۆناغێکی دواتردا، کە شاگرد لە دنیای هونەردا پلە و توانای هەڵدەکشێت،بڕستی مانۆڕی هونەری بەدەست دەهێنێت، خەیاڵ و واقیع ئاوێتە بە یەك دەکات، متمانەشبە خۆی دەکات، کە ئیدی ئەو هونەرمەند (یان هونەربەخش) ێکی بواری شێوەکارییە، دەبینین هێڵ ئامادە بوونێکی کارای لە کاری هونەریانەی ئەودا دەبێت.هێڵ هەردەم وەك رەگەزێکی سەرەکی (لە پاڵ هەردوو رەگەزی رەنگ + قەبارە) لە بەرجەستە کردنی بەرهەمی دیدەییدا دەمێنێتەوە. هیچ کاتێك هێڵ لە هونەری دیدەیی (هونەری شێوەکاری) دانابڕێت. بەڵکوو ناکرێ وێنای بەرهەمی شێوەکاری بکەین کە لە هێڵ بەدەر بێت.ئەو هەم لە نەخشی بەرایی (سکێچ)دا و هەم لە دوایین گەڵاڵەی بەرهەمدا، بە گوڕ و تینەوە ئامادەیە.

هونەرمەند هەیە هێڵ تەنیا رەگەزی کار کردنیەتی، هەر بە هێڵیش توانیویەتی بەرهەمی ناوازەی شێوەکاری بئافرێنێ. رەنگە دیارترین نموونەلە مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردی لەم بوارەدا، هونەرمەندی پێشەنگ (ئیسماعیل خەیات) بێت، ئەو بۆ دەیان ساڵ تەنیا بە هێڵ تابلۆی دەکێشا. پشتی تەنیا بەم رەگەزەی هونەری شێوەکاری دەبەست. بەشی هەرە سەرەکیی خەرمان و مێژووی کار و داهێنانی ئەو بە هێڵ بەرجەستە بووە. ئەمە بۆ مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردستان خاڵێکی ئەرێنییە، کە هونەرمەندێکی کورد یەك رەگەزی سەرەکیی هونەری شێوەکاریی بۆ دەیان ساڵ داهێنانی خۆی کردووەتە توخمێکی سەرەکیی کار و ئەفراندن. هاوکات ئەو بەرهەمانەی لە رووی ستاتیکا و ناوەرۆکەوە، هەڵگری گوتاری جوان و رەوانی دیدەیین.
ئەحمەد گونەشتەکین، گەورە شێوەکاری کورد و جیهان، هێڵ بە شێواز و تەکنیکێکی جیاواز بەکار دەهێنێت.

وەك لە ژمارەیەکی رابردووی (گوڵان)دا بابەتێکمان لە بارەیەوە نووسی، ئەو بە هێڵ تابلۆ دەچنێت، تابلۆ دەبێتە رووبەرێکی مافوور ئاسا، گونەشتەکین بە هێڵە رەنگ،نیگار (فیگەر)ی تێدا دەچنێت. ئەمەش بەکار بردنێکی داهێنەرانەی هێڵە.
لە ئاستی جیهاندا، هێڵ وەك رەگەزێکی سەرەکیی هونەری شێوەکاری، پێگەی دیاری هەیە. ئەگەرچی چەندین سەدە تێپەڕیون، بەڵام هێشتا هێڵکارییەکانی گەورە هونەرمەندانی شێوەکاری سەردەمی رێنیسانسی ئەورووپا، وەك بەرهەمی ناوازەی هونەری دیدەیی لێیان دەڕواندرێت. بۆ نموونە ئەگەر چاو بە پەڕاوێکی تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی (مایکل ئەنجیلۆ) یان (لیۆناردۆ داڤینشی)دا بخشێنی، هاوشانی تابلۆ و پەیکەرەکانی ئەو دوو هونەرمەندە ناودارەی ئیتالیا و جیهان، هێڵکارییەکانی ئەوانیش جێی سەرنج و تێڕامانن. تەنانەت جاری وا هەیە لە هێڵکارییەکی (ئەنجیلۆ)ی پەیکەرتاش ورد دەبیتەوە،دەبینی سیمایەکی تایبەتی هەیە، هێندە بەرجەستە خۆ دەنوێنێ، خەیاڵت بەو ئاقارەدا دەچێت کە ئەو هێڵکارییەی ئەنجیلۆ دوو مەودا نییە، بەڵکوو چەشنی پەیکەر سێ مەودایە. ئەمەش سیحری هونەر تێکەڵ بە هێڵە.
لەوان بترازێ، ئێمە گەورە هونەرمەندانی دیکەی جیهانمان دیوە، کە مۆزەخانە و گەلەری و سالۆن و بازرگان و شەیدایانی هونەری شێوەکاری چ بایەخێك بە بەرهەمی هێڵکارییان دەدەن. ئەو بایەخ دانەش بە هێڵکاری بێ بنەما و لە خۆڕا نییە، بەڵکوو ئەوە ئاشکرا دەکات، هێڵ وەك رەگەزێکی سەرەکیی هونەری شێوەکاری چەند گرنگ و بایەخدارە. من لە ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوودا، هێڵکاریی گەورە هونەرمەندانی عیراقم لە (مۆزەخانەی هونەرمەندانی پێشەنگ)دا دیوە. لەو مۆزەخانەیەدا هێڵکاری لە تەنیشت تابلۆوە داندرا بوو، ئەمە بە واتای هێڵکاری لە رووی بەهای هونەرییەوە هاوشانی تابلۆیە. لە رووی هەڵسەنگاندنی هونەریشەوە هەر وا دێتەوە. هونەرمەندێك کە لە هێڵکاریدا توانا و کارامە بێت، گومانی تێدا نییە لە گەڵاڵە کردنی بەرهەمی هونەری (تابلۆ، پەیکەر، سیرامیك، گرافیك..)یشدا کەسێکی کارامە و توانا دەبێت.

**شاگردی هونەری شێوەکاری، چ لە دەزگایەکی ئەکادیمیدا بێت یان لە لای مامۆستایەکی دەرەوەی ئەم جۆرە دەزگایەدا، سەرەتا قەڵەم و کاغەزی پێ دەدرێت و پێی دەگوترێت: «نیگار بکێشە.» نیگاریش چۆن دەکێشێ و بە چی؟**

**هونەرمەند هەیە هێڵ تەنیا رەگەزی کار کردنیەتی، هەر بە هێڵیش توانیویەتی بەرهەمی ناوازەی شێوەکاری بئافرێنێ. رەنگە دیارترین نموونەلە مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردی لەم بوارەدا، هونەرمەندی پێشەنگ (ئیسماعیل خەیات) بێت، ئەو بۆ دەیان ساڵ تەنیا بە هێڵ تابلۆی دەکێشا. پشتی تەنیا بەم رەگەزەی هونەری شێوەکاری دەبەست.**